# وانەی پێنجەم

لە زمانی موزیکدا هەندێک جووتە پیت یان یان سێ پیت بە یەکەوە وەک کورتکراوە دێن کە پێویستە ئاشنا بین پێیان لە خوارەوە هەندێک لەم کورتکراوانە دەخەینە ڕوو.

1 -وشەی ئیتالی = It
2 -فەرەنسی = Fr
3 -ئینگلیزی = Eng.
4 -ئاڵمانی = Ger
5 -یۆنانی = Gk
6 -لاتینی = Lat
7 -ئیسپانی = SP

ئەم کورتکراوانە تایبەتت بە زاراوەکان کە لە کاتی خوێندنەوەی سکۆڕەکانی موزیک دێنە بەر دیدەمان و پێویستە ماناکانیان بزانین چونکە زاراوەکان بە پێی زمانی وڵاتە جیاوازان جیاوازیان هەیە بۆ نمونە زاراوەی ژەنین بە کەوان لە هەر وڵاتێک زاراوەیەکی تایبەت و جیاوازی هەیە لەگەڵ وڵاتێکی دیکە. وەک لە خوارەوە خراوەتە ڕوو.

بە زمانی ئیتاڵی پێی دەوترێت Arcato واتە ژەنین بە کەوان

بە زمانی ئینگلیزی پێی دەوترێت Arco واتە ژەنین بە کەوان

بە زمانی ئەڵمانی پێی دەوترێت G Dur واتە ژەنین بە کەوان

بە زمانی فەرەنسی پێی دەوترێت De Tache واتە ژەنین بە کەوان

لە خوارەوە هەندێک زاراوە بە زمانی وڵاتی جیاواز ببینە.

Accordo Terza picarda ئەکۆڕدتیرس پیکاردی: وشەکە ئیتالییە، بە کوردی واتە ئەکۆڕدی سیانی پیکاردی واتە کۆتایی هێنان بە پارچە موزیکێک لە پەیژەی بچووک بە پشت

بەستن بە پلەی یەکەمی پەیژە گەورەکەی خۆی واتە سیانی ئەکۆڕدی پلەی یەکەم نیو تۆن بەرزبکرێتەوە.

بە فەرەنسی ئەکۆڕدەج (Accordage ) بە ئیتالی ئەکۆردێتارایۆ (Accorderarau ) بە ئینگلیزی (tuning): واتە کۆک کردنی ئەمێرە موزیکییەکان پێش ژنینیان.

ئەکەردامێنتۆ (Accordamento): وشەکە ئیتالییە واتە هەماهەنگ.

بە فەرەنسی ئەکۆڕدێر (Accorder ) بە ئیتالی ئەکۆردار(Accordar ) بە ئینگلیزی تونی (tune): واتە ئامێر کۆک کردن.

بە ئیتالی (Accordatore) ئەکۆڕداتوری بە فەرەنسی (Accordear) ئەکۆڕدیار بە ئینگلیزی (Tuner) تیونەر: واتە ئامێری تایبەت پسپۆڕ لە کۆک کردنی تەختە کلیلەکانی ئامێری پیانۆ ( کلاڤیکۆڕد).

بە ئیتالی و بە ئینگلیزی ئەکۆردییۆن (Accordion) بە فەرەنسی (Accordeon): ئامێرێکی موزیکی فوداری میلیە لە ساڵی ١٨٢٢ لە لایەن بوشمان چەرمەنی دروستکراوە بە پەنجەکانی هەردوو دەستی ڕاست و چەپ دەژەنرێت.

ئەکۆردۆ: بە ئیتالی پێی دەوترێت (Accordo) بە فەرەنسی پێی دەوتریت (Accord) بە ئینگلیزی پێی دەوترێت (Chord): واتە ئەکۆرد کە لە کتێبەکانی کوردی وشەی بە ئاوێزی بۆ بەکارهاتووە. کۆمەڵە دەنگێکی هاوکاتە کە لە یەک کاتدا بە یەکەوە گۆێ دەیانبیستیت لە دوو دەنگەوە بەرەو سەر دەبن. جا گرنگ نییە کۆک بن یان نا کۆک. دەبێت میانەی دووریان لە یەک لە میانەی سیانی گەورە یاخود بچووک بن.

ئەکۆڕدۆ ئەلتراتۆ: بە ئیتالی پێی دەوترێت (Accordo Alterato) بە فەرەنسی پێی دەوتریت (Accord Altera) بە ئینگلیزی پێی دەوترێت (Chord Altered): واتە ئەکۆڕدی ڕەنگاو ڕەنگ (پەلکەزێڕینە) ئەکۆڕدی ناکۆکی نامۆ بە پەیژە. کە دەنگیکی هارمۆنی گۆڕننکاری کراوی تیدایە ( سەرچوو بێ خوارچوو) لەگەڵ ئەمەشدا ئەم کارە نابێتە هۆی گواستنەوە بۆ پەیژەیەکی دیکە ئەم ڕەنگکردنە دەبێتە هۆی بەبەراکردنی بەرگ و هەناسەیەکی نوێ بۆ پارچە موزیکەکە.

ئەکۆردۆ کۆنسۆنۆ: بە ئیتالی پێی دەوترێت (Accordo consono ) بە فەرەنسی پێی دەوتریت (Accord consonant) بە ئینگلیزی پێی دەوترێت (consonant third): واتە ئەکۆردی

هاودەنگ ئەکۆڕدێکە لە کاتی بیستندا گوێچکە چێژی لیوە دەبینێ لە دوو میانەی سیانی لەسەر یەک پێکهاتوە. سیانیەکی گەورە و سیانییەکی بچووک.

ئەکۆردۆ دینۆنا: بە ئیتالی پێی دەوترێت (Accordo Di nona) بە فەرەنسی پێی دەوتریت (Accord denevvieme) بە ئینگلیزی پێی دەوترێت (Chord of the ninth): واتە میانەی نۆیی کە بە میانەی سیانی لە سەر یەک دانراو دەبێت. لە هەر دوو پەیژەی گەورە و بچووک دەبێ بکەونە سەر پلەی پێنجەم. یان دوو جۆری هەیە.

1 -ئەکۆردی نۆیی گەورە: پێکهاتوە لە ئەکۆردی حەوتی زال کە دەنگێکی دیکەی لە میانەی سیانی گەورە بۆ زیادکراوە ئەکۆڕدی نۆیی گەورە دروست بووە. دەکەویتە سەر پلەی پینجەمی پەیژەی گەورە لە هەردوو باری بنەڕەتی هەلگەرانەوەدا.
2 -ئەکۆڕدی نۆیی بچووک: پێکهاتوە لە ئەکۆڕدی حەوتی زاڵ کە دەنگێکی دیکە بۆ میانەی سیانی بجووک بۆ زیادکراوە بۆ ئەوەی ئەکۆردی بچووک دروست بێ دەکەوێتە سەر پلەی پێنجەمی پەیژەی بچووک لە هەردوو باری بنەڕەتی هەلگەرانەوەدا.

ئەکۆردۆدیکۆنتا دیمینیوتا: بە ئیتالی پێی دەوترێت ( Accordo Di Quinta Diminuita) بە فەرەنسی پێی دەوتریت (Accord Di Quinte Diminuee) بە ئینگلیزی پێی دەوترێت (Diminished Triad): ئەکۆدی پێنجی کەمکراو کە لە دوو سیانی بچووک پێکدێت لە هەردوو باری بنەرتی و هەڵگەرانەوە.

ئەکۆردۆدیکوینتا ئەدشیدیفتی: بە ئیتالی پێی دەوترێت ( Accordo Di) بە فەرەنسی پێی دەوتریت (Accord de quinte Augment) بە ئینگلیزی پێی دەوترێت (Aogmented Ttiad): ئەکۆدی پێنجی فرە کە لە دوو سیانی گەورە پێکدێت لە هەردوو باری بنەرتی و هەڵگەرانەوە.

م.ی هەژار احمد مصطفى